السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# سەدەهەم تەواو بکات بە ووتنی: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)^؛ ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش دەبێت ئەگەر گوناهەکانی وەکو کەفی سەر دەریاش بن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسێک پاش هەموو نوێژێک (نوێژێکی فەرز): سی وسێ جار بڵێت (سبحان الله)، وسی وسێ جار بڵێت (الحمد لله)، وسی وسێ جار بڵێت (الله أكبر)، ئەمە نەوەد ونۆ وسەدەهەم تەواو بکات بە ووتنی: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)^؛ ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش دەبێت ئەگەر گوناهەکانی وەکو کەفی سەر دەریاش بن (لە زۆریدا)». ^(واتە: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک موڵکی ئەوە، (وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره.
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ؛ هەرکەسێك لەپاش ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان: سی وسێ جار بڵێت: (سبحان الله) واتە: (پاك وبێگەردی بۆ خوای گەورە، وهەموو عەیب وکەموکورتیەك لە ئەو دووره). وسی وسێ جار بڵێت: (الحمد لله) واتە: (حەمد وستایش بۆ خوای گەورە) ؛ هەروەها ستایشکردنی پەروەردگارە بە سیفەتەکانی کامڵێتی لەگەڵ خۆشویستنی و بەمەزنداناتی. سی وسێ جار بڵێت: (الله أكبر) واتە: (پەروەردگار لە هەموو شتێك گەورەتر وشکۆدارترە). لە تەواوکردنی ژمارەی سەد بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) واتە: (هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وئەو تەنها خاوەنی ڕەهای هەموو شتێکە، وبە تەنها ئەو شایستەی ستایش و وەسفکردنە و لەگەڵ خۆشویستنی و بەمەزنداناتی، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره وهیچ شتێك لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دەرناچێـت). هەرکەسێك بەم شێوەیە ئەم زیکرانە بڵێت ؛ خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆشدەبێت، ئەگەرچیش گوناهەکانی زۆر بن وەکو کەفی سپی کە لە سەرەوەی شەپۆلەکانی دەریا دەردەکەون.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10948

النجـاة الخـيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee